# جلی کوردی تایبەت به ڤالانتاین

ڕۆژی ڤالانتاین، ڕۆژێکـــی جیهانییە و تایبەت کراوە بۆ خۆشەویســـتی و ئەوینـــداران لەم ڕۆژەدا پەیمانەکەیان تـــازە دەکەنەوە و گـــوڵ بە یەکتری پێشکەش دەکەن. لە کوردستانیش کەم تا زۆر یادی ئەو ڕۆژە دەکرێتەوە. بەرگدروویەکی خەڵکی بەیروت بە ناوی ئەســـعەد خەیات جلێکی کوردی تایبەتی بەو ڕۆژە ئامادە کردووە کە ڕەنگی سپییە و چەندین گوڵی ســـوور لە نێو کراســـە کوردییەکەدا بەرچاو دەکەوێت کە وەك هێمای خۆشەویستی بەکارهاتووە، وەك لە وێنەکـــەدا دەبینن چۆن ئەو کچە کوردە کە ناوی (شـــەونم)ـە، ئەو کراسەی لەبەر کردووە و بەو جۆرە ڕێز لەو ڕۆژە جیهانییە دەگرێت.




# چۆن لەش و لارت لەگـــ

زۆربەی خانمان حەز دەکەن لەش و لاریان باریك و ڕێك دەربکەوێت، تەنانەت لەگەڵ جل و بەرگیشدا بە جوانی دەربکەون، بەڵام هەندێ لە خانمان لە کاتی هەڵبژاردنی جل و بەرگدا هەڵە دەکەن، یان هەندێ جار شارەزاییان نابێت لە دەستنیشانکردنی جل، هەندێکیشیان خۆیان لە خواردن دەپارێزن بۆ ئەوەی کێشـــیان زیاد نەبێت و لەش و لاریان جوان بێت، تەنانەت ئەگەر لەش و لاریشـــت ڕێك بێت، بەڵام کە جلێکی هەڵەت لەبـــەر کرد، ئەو کاتە جوانی لەش و لارت تێکدەچـــێ و ئـــەو جوانییەت پێنـــادات کە خۆت

# ئەو کارانەی پەیوەندی هاوسەران بەهێزتر دەکات

- پەیوەندیکردن: هەمیشە هەوڵبدە پەیوەندییەکی گەرمت لەگەڵ هاوسەرت هەبێت، ئەگەر کێشەتان هەبوو، بە زووترین کات چارەسەری بکەن و مەهێڵن زۆر بخایەنێت.
- گونجاندن: واچاکە لەگەڵ یەکتر خۆتان بگونجێنن، هەست و ویستتان با لەگەڵ یەکتر بێ، ئەگەر لە هەندێ شت جیاواز بوون، وا چاکە لە یەکتری قبووڵ بکەن و لێبووردە بن.
- گرنگیدان: زیاتر گرنگی بە یەك بدەن و کات تەرخانکردن بۆ یەکتر پێویستە و هەردەم پشتگیری یەکتر بکەن و هاوسۆزی خۆتان بۆ یەکتر دەرببڕن.
- ڕێزگرتن: خۆشەویستی بە ڕێزگرتن و تێگەیشتن زۆر بەهێزتر دەبێت.
- نزیکبوون: هەردەم وا بکەن کە کاتێك دابنێن لە نزیکی یەکتر بن، تەنانەت ئەگەر دانیشتنێکی سادەش بێت، یان دەرچوونێك، بەڵام دەبێ کاتێك هەبێ لە نزیکی یەکتر بن و هەست بە یەکتر بکەن.
- سەرنجڕاکێشبوون: هەرچەندە پەیوەندی نێوان هاوسەران پتەو بێت، پێویستە هونەری سەرنجڕاکێشانی تێدا بێت، واتە گۆڕانکاری لە ستایل و شێوە و جووڵە و بۆنی خۆش و هەنگاوی سەرنجڕاکێشت بۆ هاوسەرەکەت خۆشەویستتر دەکات.
- متمانە: گرنگترین بنەمای پەیوەندی نێوان دوو کەس لەسەر متمانە دەست پێدەکات و بەردەوام دەبێت، بەتایبەتی بۆ هاوسەران کە تا کۆتایی ژیان پێکەوە دەژین.





# ـــەڵ جلت دەگونجێنیت

مەبەستتە لەگەڵ جلەکەت دەرکەوێت. پسپۆڕانی جل و بەرگ ئەم زانیارییانە دەخەنەڕوو تا خانمان بتوانن جلێکی جوان لەبەر بکەن و لەگەڵ جەستەیان بگونجێت:

- جل و بەرگ بە پێ پێوانەی خۆت لەبەر بکە، بۆ نموونە کاتێك جلێکی گەورەتر لە قەبارەی خۆت لەبەر دەکەیت، ئیدی هەرچەند لەش و لارت جوان بێت، سوودی نابێت، یان ئەگەر جلەکەش زۆر تەسك بێ، جەستەت قەڵەوتر دەردەکەوێت.
- ئەگەر پانتۆڵ و جێنزت لەبەر کرد، با لە ڕەنگی ڕەش و نیللی بێت، چونکە ئەو دوو ڕەنگە جەستەت باریکتر نیشان دەدەن، بە پێچەوانەی ڕەنگەکانی دیکە کە گەورەترت پیشان دەدەن.
- سەبارەت نەخش لە نێو جلەوە، باشترە ئەو نەخشانە هەڵبژێریت کە بە ستوونی کێشراون لەسەر جلەکە، چونکە شێوەی جەستەت درێژتر و باریکتر نیشان دەدەن، بەپێچەوانەی نەخشی هێڵی پان، کە ئەوانە جەستەت گەورەتر نیشان دەدەن.
- پێڵاوی پاژنە بەرز لە پێ بکە، ئەگەر تەنانەت بەرزییەکەی کەمێکیش بێت، چونکە زیاتر جەستەت دەردەخات.



# شوو بە خۆی دەکات!

کچێکی ئەمریکی ناوی (یاسمین ئەلب)ـە، لە منداڵییەوە بەڵێنی بە خۆی دابوو، ئەگەر تا تەمەنی (٤٠) ساڵی شوونەکات، ئەوکات شوو بە خۆی بکات! ڕۆژگار ڕۆیشت تەمەنی گەیشتە (٤٠) ساڵ و کەسێکی وا نەبوو بە دڵی خۆی بێت، بۆیە ئەویش بەڵێنەکەی خۆی بەجێ گەیاند و شووی بە خۆی کرد! لە ئاهەنگێکی تایبەتدا بە ئامادەبوونی هاوڕێ و دۆست و نزیکی خۆی، خۆی کرد بە بووك و زاواش نەبوو، کچەکە خۆی هەم بووك و هەمیش زاوا بوو، هەردوو ڕۆڵی بینی، کاتێك پێشوازی لە بووك دەکرد بە ڕۆڵی زاوا، دواتریش خۆی دەکات بووك و چاوەڕوانی زاوا دەکات کە هەر خۆی بوو! ئاهەنگەکە وەك ئاهەنگێکی هاوسەری وابوو، هەموو کارێکی بۆ کردبوو لە میوزیك و ڕێوڕەسمی ئاهەنگ، تەنیا ئەوە نەبێ کە کاکی زاوا نەبوو، هەر خۆی بووك و زاواش بوو، بەمەش بەڵێنەکەی هێنایە دی و شووی بە خۆی کرد.



# جوانترین و سەرنجڕاکێشترین ئافرەتی ساڵ

دەگوترێ جوانی هەم بەخشینێکە و هەم بەڵایەکە بۆ خانمان، بەڵام بۆ ئەو کچە ئەکتەر شۆخ و شەنگە، بۆتە جێگەی خۆشی و سەرکەوتنی، (نینا دۆبراف ) ئەو ئەکتەرە بولگارییەیە، کە پێشتر کاری نمایشکاری جل و بەرگی کردووە و دواتر ڕووی لە نواندن کرد. ئەو خانمە ئەکتەرە لە وڵاتی کەنەدا گەورە بووە و ئێستاش یەکێکە لە ئەکتەرە جوانەکانی بواری فیلم، تەنانەت ئەمساڵ نازناوی سەرنجڕاکێشترین و جوانترین ئافرەتی بەرکەوت. نینا بەشداری لە چەندین فیلمی بەناوبانگی کەنەدی کردووە، سەبارەت بە خۆیشی دەڵێت: جوانیم هەندێ جار بۆتە مایەی خۆشی و هەندێك جاریش بێزارم دەکات، لەوەی داواکاری زۆرم بۆ دێت، منیش نازانم کامەیان هەڵبژێرم، بۆیە داوام وایە کە تەنیا سەیری جوانی ئافرەت نەکرێت، بەڵکو لە دڵ و هەست و ڕۆحیشەوە گرنگی پێبدرێت.

# پێچەوانەی ژیان!

وەك دەزانین لە باخچەی ئاژەڵاندا بۆ سەلامەتی خەڵك و گەشتیاران، هەردەم ئاژەڵە دڕندەکان لە نێو قەفەسدا دەبن، تا نەتوانن پەلاماری خەڵك بدەن، بەڵام لە باخچەی (ڕینکیخوا)ی وڵاتی چیـــن، بیرۆکەیەکی دیکەیان داهێناوە کە پێچەوانەی هەموو باخچەکانی ئاژەڵانی جیهانە، لەو باخچەیـــەدا، لە جیاتی ئاژەڵ لە نێو قەفەس بێت، گەشـــتیاران لە نێو قەفەســـێکدا دادەنرێن و ئاژەڵەکانیش بەردراون و بە ســـانایی خۆیان دێـــن و دەڕۆن. ئەم بیرۆکەیە بۆتە هۆی ئەوەی کە گەشتیارێکی زۆر ڕوو لەو باخچەیە بکەن، چونکە ئاژەڵە دڕندەکان بەسەر قەفەسی گەشتیاران دەکەون و پەلاماریان دەدەن، ئەوەش دەبێتە هۆی سەرنجڕاکێشی گەشتیاران کە لە نزیکەوە ئاژەڵەکان دەبینن و ناشـــتوانن پەلاماریان بـــدەن، وەك لە وێنەکاندا دەبینن کە چۆن پاشای دارستان لە نزیکی خەڵکە و بەهۆی قەفەسەکەوە ناتوانێت هیچ بکات.





# تابلۆی هونەری لە کیسە چای!

مەرج نییە وێنەکێشـــان تەنیا بـــە فڵچە و بۆیە بێت، چونکە ئێستا چەندین ڕێگەی جۆراوجۆر هەن کە وێنەی پێ دەکێشـــرێن، ئەوەتا کچێکی مالیزی بە ســـەیرترین کەرەســـتەی خواردنـــەوە تابلۆیەکی گەورەی دروســـت کـــردووە، ئەو کچە ناوی (هۆنـــگ یی)یە و نزیکەی (٢٠) هەزار کیســـەی بچووکی چـــای کۆکردۆتەوە و دواتریش بەم کیسانە تابلۆیەکی گەورە و نایابی دروست کردووە. ســـەبارەت بە کارەکەشی دەڵێت: ماوەیەکی زۆر کیســـەی چایم لە نێو ئاو دانا، تا هەر یەکە بە جۆرێك ڕەنگێك بگرن، تاوەکو لە دروســـتکردنی تابلۆیەکانم ئەو ڕەنگانەم دەســـت بکەوێت کە پێویســـتم دەبێت. تابلۆی ئەو کچە، لە کیســـە چای دروست کراوە و ناوی لێناوە (تییە تارك)، واتـــە (چای خۆماڵی)، ئەوەی جێگەی باســـە لە مالیزیا گرنگی زۆر بە چای خواردنەوە دەدەن و بیرۆکەی ئـــەو کچەش لەو کاتە بـــوو ڕۆژێکیان لە چایخانەیەك دانیشتبوو، کیسەچایەکی بەرچاو کەوت و ئەو بیرۆکەیەی بۆ هات.



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

ئاگاداری وتەکانت بە و مەهێڵە کەس کاریگەری خراپت لەسەر دانێت، هەوڵبدە هەمیشە خۆڕاگر بیت و پێویستە کەمێك نەرم و نیان بیت لەگەڵ خێزانەکەت، ئەوەش بزانە کە زۆر پێویستیان بە تۆیە.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ماوەیەکە لە کاتی کارکردندا ماندووبوونت پێوە دیارە، دەبێ زیرەکانە کارەکانت بکەیت، ئەمەش کەمێك خەمت زیاد دەکات، بەڵام دوودڵ مەبە چونکە تۆ کەسێکی بەتوانای و سەردەکەویت.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت پەیوەندیت بەهێزتر بکە و سادە بە لە مامەڵەکردن لەگەڵیان، کەمتەرخەم مەبە بەرامبەر خۆشەویستەکەت، ئەویش سۆزی زۆرت پێ دەخشێت و پێویستە قەدری بزانی.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

لە بیرکردنی ئەو کەسە نزیکانەی ماوەیەك تۆیان لە خەیاڵ بوو، دەبێتە جێگەی نیگەرانی ئەوان، بۆیە پێویستە باشتر لەگەڵیان هەڵسوکەوت بکەی، لەبواری سۆزدارییەوە ئەوەی لەناو دڵتە لەخۆشی و شادیت بەدی دەکرێ.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

نابێ لە خۆتەوە بڕیار لەسەر کەسێك بدەیت کە جێگەی متمانەتە، یان نا، دەبێ سەرەتا بیناسیت و ئینجا بڕیار بدەیت، چاوپێکەوتنێکیش ئومێدت بۆ دەگەڕێنێتەوە و یارمەتیدەرت دەبێ بۆ بڕیاردانت لە پرۆژەیەکی بایەخدار.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

هەندێ جار بەهۆی کارەکانت هەست بە بێزاری دەکەیت و زۆربەی شتی دیکەت لە بیر دەچێتەوە، جوان سەرنج بدە و بیربکەوە لە ڕاستی تێدەگەیت، ئەو کات دەزانی پێویستە پشوویەك بدەیت و سەفرێکی کورت بکەی.

## بۆ زاخاوی مێشك



لەم وێنەیەدا، وێنەی کچێك گیراوە، کە وەك ئەوەی نیوەی جەستەی نەبێت و تەنیا سەر و قاچ بێت، هەوڵدە بزانە وێنەکە چۆن گیراوە.

## بۆ زانیاریت

### پشیلە و فیرعەون

لە وڵاتی میسر و لە سەردەمی فیرعەونەکان، هەر کەسێك کە پشیلەی بکوشتایە، دەبوا ڕاستەوخۆ لەو شوێنەی کە پشیلەکەی کوشتووە، لە سێدارە بدرێتەوە، چونکە فیرعەونی میسر پشیلەی خۆشدەویست و ڕقی لە سەگ بوو.



## تابلۆ

### تابلۆی (لە پەنجەرەوە)

یەکێکە لە شاکارە جوانەکانی وێنەکێشی ئیسپانی (سەلڤادۆر دالی)، وێنەکە بە ناوی (لە پەنجەرەوە)، کە کچێك سەیری دەرەوە دەکات، وێنەکە زیاتر لە هەردوو ڕەنگی (شین و قاوەیی) تێکەڵ کراوە، دیمەنێکی سەرنجڕاکێش و جوانی هەیە، ئەو وێنەیە بۆ یەکەمین جار لە شاری بەرشەلۆنەی ئیسپانی نمایش کرا.



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لە بـواری خۆشەویستیدا، هەمیشە کارێك بکە تا بتوانی بە سانایی جێگەی ڕیزی کەسی بەرامبەرت بێت. چاوەڕێی ئەنجامێکی مەزنیشی، کەمێك دوادەکەوێ، بەڵام ئومێدبڕ مەبە و هەر دێتەدی.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئەوەی ڕۆیشت لە بیری بکە و هەمیشە بیر لە داهـاتـووت بـکـەوە، هـەر ئەوەشە سەرکـەوتـووت دەکـات. گۆڕانکاری لە هەڵوێستەکانتدا بکە و بە وردی بیریان لێبکەوە، ئەو کات ئاوات و ئامانجی ژیانت دیاری بکە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

هەست و دەروونت پاك بکە و مەهێڵە هیچ کارێك باری دەروونیت تێك بدات، پێویستە هـەمـیشە دڵـت کـراوە بێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی باری سۆزداریت گـەڕایـەوە دۆخـی پێشوو، بـەرامـبـەر بە تەندروستیت کەمتەرخەمی مەکە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

دڵدانەوەی کەسانی دیکە تەنیا بە قسە، چارسەری کێشەکانیان ناکات، هەوڵ بدە بە کـردەوەش یارمەتیان بدەی بۆ ئەوەی کێشەکانیان بە زووتـریـن کـات چارسەر بکرێن، لایـەنی سۆزداریـشت بەرەوپێش دەچێت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بـڕوات بە خۆت بێت و هەمیشە بیر لە داهـاتـووت بـکـەوە، پێویستە کەمێك چاوکراوەتر بیت و ئاگاداری ڕووداوەکانی دەوروبەرت بیت، نێوانی تۆ و شادی چەند هەنگاوێکی کەمی ماوە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئـەم مـانگـە خۆشترین مـانگی ئەم ساڵتە، چونکە ئاستی پاشەڕۆژی کارت بـەرەو باشتر دەچێت، هەروەها لە باری ئەڤینداریش پەیوەندیت گەرمتر دەبێت و باری دارایی و داهاتیشت زیاد دەکات.

# دایکە ببینە و دۆتە بخوازە!


گوتەیەکی کوردییە، کە لە دێرزەمانەوە گوتوویانە: «دایکە ببینە و دۆتە بخوازە»، واتە کاتێك مەبەســتت بوایە کچێك بخوازی، یان بیکەیتە هاوســەری خۆت، دەبوایە ســەرەتا دایکی کچەکە بناســی و بزانی چۆنە، بەڵام ئەو وتەیە لە ئێستادا تەنیا بۆ شێوەی دایك و کچ دەبێ، چونکە سرووشت و بیرکردنەوەی کچی ئەو سەردەمە لەگەڵ بیرکردنەوەی دایکیان ئەوەندە نزیك نییە، ئەم سێ وێنەیەش گوزارشتێکە لە لێکچوونی شــێوەی دایك و کچ، کە لە شێوەدا زۆر بە یەکتر دەچن، بەڵام ڕەنگە بیرکردنەوەیان لە ئێســتا و داهاتووشدا وەك یەك نەبێت.







## پەند و وتە!



**ولیام شکسپیر بۆ تۆڵە دەڵێت:**

ئازایەتــی ئەوە نییــە، تۆڵە بکەیتــەوە، بەڵکو ئەوە ســەرکەوتن و ئازایەتییە کە ئــارام بگریت و چاوەڕێی کۆتاییەکان بکەیت.